## کەندالّ نەزان:



# ئێستا کاک مسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەموو نەتەوەی کورد تەماشا دەکرێت . .

**کەندالّ نەزان کەسایەتییەکی دیاری کوردییە و سەرۆکی ئەنستیۆتی کوردییە لە پاریس، ئەو ئەنیستیتۆیەی کە رۆڵی لۆبیەکی کوردی چالاک دەگێڕێت لە فەرەنسا.**
**لەسەردانێکیدا بۆ کوردستان ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ سازدا.**

**دیمانە: نامق هەورامی**

*** هاتنی ئەمجارەتان بۆ کوردستان چۆن بوو؟**
– مەبەستی هاتنی ئێمە بۆ بەشداری لە کردنەوەی خولی تازەی پەرلەمانی کوردستان بوو کە بڕیار بوو، ٢٠٠٥/٤/٣٠ بکرێتەوە من هاوڕێ لەگەڵ چەندین کەسایەتی کوردی لە کوردستانی تورکیا و سوریا و چەندین ئەمەریکی و فەرەنسی و کەسی تر هاتین، بەڵام بە داخەوە پەرلەمان کۆنەبووەوە، ئێمە دڵخۆش دەبووین ئەگەر لە کاتی خۆیدا کرابایەوە و ئەو کێشانەی کە هەبوون چارەسەر کرابان و لە کاتی خۆیدا بەڕێوە بچووایە چونکە ئەوە مایەی دڵخۆشی بوو بۆ تەواوی گەلی کوردستان لە هەر جێگایەک بن و بگرە مایەی دڵخۆشی دۆستەکانی کوردیش دەبوو ئێستاش هیوادارم ئەو دواکەوتنە کاتێکی کەم بخایەنێت و چیتر گرفتی بۆ دروست نەبێت.

*** ئەو پێشڤەچوونانەی لە کوردستاندا دەیانبینیت چۆنیان هەڵدەسەنگێنیت؟**
– بێگومان بەردەوام پێشڤەچوون لە بواری ئابووری و سیاسی و چاندی و رۆشنبیرییدا هەیە و جێگای شانازی و سەربڵندی گەلی کورد و دۆستەکانییەتی و ساڵ بە ساڵ خۆشتر دەبێت و پێشکەوتووتر دەبێت لە چاو ناوچەکانی تری عێراق و دەرودراوسێکانی هەرچەندە گرفتی بنەڕەتی وەک کارەبا و شارەوانی هەیە، بەڵام ئەویش چارەسەر دەبێت.

*** عێراقێکی دیموکرات و فیدراڵ یان عێراقێکی لێک هەڵوەشاو؟**
– لە پاش پرۆسەی ئازادی عێراق چوومە خوارووی عێراق بۆ کەربەلا و نەجەف و بەغدا ئەوەم لا دروست بوو کە عێراق سێ کەلتووری جیای تێدایە، کەلتووری کورد، کەلتووری عەرەبی سوننە، کەلتووری عەرەبی شیعە، ئەو کەلتوورانە پێشتر لە سایەی سیاسەتی رژێمی سەدامدا بە زۆر ناچاربوون پێکەوە بژین، بەڵام ئێستا ئەو زۆرە نەماوە رێگە چارەی دیموکراسی و فیدراڵی کە کورد داوای دەکات زۆر باشە، بەڵام دەبێت دیاری بکرێت کام فیدراڵی؟

**بە بوونی ئەو بەڕێزە لەو پۆستەدا کورد لە پارچەکانی تردا کە نەگەیشتوونەتە ئەوەی هیچ کیانێکی سەربەخۆیان هەبێت بۆیە ئەو سەرۆکە دەبێتە سەرۆکی هەموو کورد لەبەرچاوی خەڵکی تر**

ئایا بەشەکانی تر ئەو فیدراڵییەتە قبوڵ دەکەن؟ چونکە مەسەلەی فیدراڵی وەک هاوسەرییەتی وایە و بەیەک کەس ناکرێت و دەبێ هەردوولا رازی بن ئەگەر ئەوان ئەوەیان نەویست ئەوا شتی دیکەی بەدوادا دێت.

*** مەسەلەی مەرجەعییەت لەمڕۆی کوردا چۆن دەبینی ئایا پێویستیمان بە مەرجەعییەت هەیە یان نا؟**

- من دەڵێم سەرۆکی کوردستان نەک مەرجەعیەت، پرسی سەرۆکی کوردستان زۆر گرنگە چونکە ئەو دەبێتە نوێنەری سیاسی و مەعنەوی کورد لە لای حکومەتی عێراق و وڵاتانی دەرەوە، کەواتە ئەم پۆستە گرنگە و لە کوردستانیشدا تێگەیشتنێک هەبوو لەو بارەیەوە لە نێو هەموو هێزە کوردستانییەکاندا کە سەرۆکی کوردستان بەڕێز کاک مسعود بارزانی بێت، بە بوونی ئەو بەڕێزە لەو پۆستەدا کورد لە پارچەکانی تردا کە نەگەیشتوونەتە ئەوەی هیچ کیانێکی سەربەخۆیان هەبێت بۆیە ئەو سەرۆکە دەبێتە سەرۆکی هەموو کورد لەبەرچاوی خەڵکی تر، هیوادارم کاک مسعود هەڵبژێردرێت بە ئیرادەی دیموکراتی گەلی کوردستان بۆ ئەو پۆستە، چونکە ئەو پۆستە شایانی ئەوە و کەسیش لاری نییە لەو بارەیەوە.

*** رۆڵی جالیەی کوردی لە دەرەوە لەم قۆناغەدا چییە؟**

- ئەمڕۆ کوردستان لە پێشکەوتن و گەشەسەندنی بەردەوامدایە و رۆڵی ئێمەی جالیەی کوردی تەنیا بڵندگۆی ئەوین کە بە جیهانی راگەیەنین کە ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئابووری و رۆشنبیری لە کوردستاندا بەردەوام لە پێشڤەچووندایە و دۆستەکانمان زیاتر بکەین و بتوانین رای گشتی بۆ پاراستن و بەهێزکردنی ئەم ئەزموونە دیموکراسییە زیاد بکەین و دۆستەکانمان وڵاتانی دراوسێی کوردستانی ئازاد ناچار بکەن کە مافی کوردان بدەن.

*** تێگەشتنی وڵاتانی دەرەوە بۆ ئەمڕۆی دۆزی کورد چۆنە ئایا هەر روانینێکی مرۆڤانەیە یان سیاسییانە مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن؟**

- بێگومان لە دوو ساڵی رابردوودا دۆزی کورد لە دەرەوە لە پاش هەڵبژاردن و پرۆسەی ئازادی عێراق و رۆڵی کورد لە دیموکراتیزەکردنی ناوچەکەدا توانی ئەو هاوکێشەیە بگۆڕێت ئەو ئەزموونەی کورد لە یەکگرتن و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی ژنان و پێکەوەژیانی ئایین و ئیتنی ئاماژەی سەرکەوتوون لە دەرەوە تەماشایان دەکرێت و پرسی کورد ئێستا لە دەرەوە پرسی ٤٠ ملیۆن کوردە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەرپرسێکی سیاسی گرنگ دێتە تەماشاکردن واتە لە قۆناغی ئینسانییەوە بوو بە پرسێکی سیاسی گرنگ و سەرەکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**عێراق سێ کەلتووری جیای تێدا دەژین و جاران لە ژێر ستەمی سەدامدا پێکەوە بە زۆر دەژیان بەڵام ئەمڕۆ ئەگەر ئەو فیدراڵیەی کورد نەکەن رێگەچارەی دیکە هەن**